# شانۆی منداڵ لە سوێد

د. فازڵ جاف

(٢- ٣)

### منداڵان وەک بینەری شانۆ

ئیڤار هاری Ivar Harrie ، ڕەخنەگری شانۆ، لە ڕۆژنامەی (ئێکسپرێسن Expressen) نووسیویەتی: "منداڵان و گەنجان، لە ڕێگەی کارلێکی خۆبەخۆ و تێڕوانینێکی ڕەخنەگرانەوە، سەبارەت بە دەربڕینی شانۆیی، بینەرێکی نایابن". خەمی شانۆکاران سەبارەت بە شانۆی منداڵان پاڵنەر و هاندەر بوو بۆ بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکان تا هەلومەرج و کەشوهەوای گونجاو بۆ قوتابیان بڕەخسێنن، بۆ ئەوەی بەردەوام و بە شێوەیەکی پلان بۆ داڕێژراو سەردانی نمایشە شانۆییەکان بکەن.

مەبەست و ئامانجی شانۆی قوتابخانەکان لەوەدا چڕ بووبووەوە تا پڕۆژەیەکی شانۆیی ئەوتۆ بێتە کایەوە کە منداڵان بۆ نمایشە شانۆییەکان ڕابکێشێ و هانیان بدا بەردەوام تەماشای نمایشەکان بکەن، بۆیە مەبەست لە دامەزراندنی شانۆی تایبەت لە قوتابخانەکانی ستۆکهۆڵم لە ساڵی ١٩٩٧، بۆ ئەوە بوو هەموو منداڵان بتوانن، بەبێ بەرانبەر، بەشداری نمایشە شانۆییەکان بکەن. بەم شێوەیە شانۆ بوو بە بەشێکی دانەبڕاو لە قوتابخانە، بینەرانی نمایشەکانیش هەر لەناو خودی قوتابخانەکەدا بوون، هەر لەوێشەوە ئامادەی نمایشەکان دەبوون. بەڕاستی شانۆ، بەم شێوەیە بوو بە بەشێکی گرنگ و زیندووی پۆل و قوتابخانە.

بابەتی شانۆنامەکان ئەفسانە و حیکایەت و چیرۆکی کۆن بوون، بە پلەی یەکەم بۆ ئەوانەی تەمەنیان لە ٧ بۆ ١١، نمایش دەکران، گەنجانی تەمەن ١١ بۆ ١٥ ساڵان چێژیان لە نمایشکردنی شانۆگەرییە کلاسیکییەکان، هەروەها لە شانۆگەرییە مۆدێرنەکان وەردەگرت. بە مەبەستی ئاسانکاری بۆ زۆرترین ژمارەی دەقی نوێ، بەڕێوەبەرایەتییەکانی شانۆ پێوەندییان بە نووسەرانی سوێدییەوە دەکرد و داوایان لێ دەکردن شانۆنامە بنووسن، بۆیە بەرنامە شانۆییەکان پڕ بوون لە شانۆنامەی نوێ.

### ئێلسا ئۆلینیوس پێشەنگی شانۆی منداڵان

لێرەدا پێویستە ئاماژە بە ئەزموونێکی تایبەت و جیاهەڵکەوتووی سوێد، لە ڕەوتی پەرەسەندنی

شانۆی منداڵان بە گشتی و شانۆی قوتابخانە بە تایبەتی بکەم، ئەویش دامەزراندنی زنجیرەی شانۆی "شانۆکەمان Vårteater"ـە بۆ قوتابخانەکانی شاری ستۆکهۆڵم.

(ئێلسا ئۆلینیوس Elsa Olenius)ی شانۆکار و پێداگۆگ ( پەروەردەکار)ی بەناوبانگی شانۆی منداڵ لە سوێد، سەرەتا لە ساڵی ١٩٤٢چالاکیی شانۆیی لە بەشی منداڵانی کتێبخانەی گشتی ستۆکهۆڵم بەڕێوەدەبرد. پاش چەند ساڵێک شێوازی کارکردنی ئێلسا ئۆلینیوس، وەک مۆدێلێکی تایبەتی شانۆی منداڵ، لە زۆربەی کتێبخانەکانی سوێددا، بوو بە نەریتێکی باو و پەسەندکراو. ئۆلینیوس ئەفسانە و داستان و حیکایەتی جۆراوجۆری ئامادە و دراماتیزە دەکرد، زوو زوو منداڵان سەردانی کتێبخانەکانیان دەکرد تا لە تەمەنێکی بچووکەوە ئاشنای کتێب و خوێندنەوە ببن. ئەزموونی ئۆلینیوس لە دامەزراندنی (یانەی کتێب) لەو سەردەمەدا بە ئەزموونێکی ناوازە و پێشەنگ دادەنرا. لە یانەی خوێندنەوەی کتێبدا، ئۆلینیوس پوختەی کتێبەکانی بە شێوەیەکی دراماتیکیانە و سەرنجڕاکێش نمایش دەکرد، وای لە منداڵان دەکرد بەزووترین کات کتێبەکە بخوێننەوە. بەهرە و لێهاتوویی ئۆلینیوس لە هونەری چیرۆک گێڕانەوەدا بوو، هونەرێک کە هەموو بنەماکانی گێڕانەوەی شانۆیی لەخۆ گرتبوو، لە سەرووی هەموویانەوە بەرجەستەکردنی درامییانەی سەرنجڕاکێشی ناو کتێبەکە.

لە ساڵی ١٩٤٢ شارەوانی ستۆکهۆڵم، لەسەر داوای ئۆلینیوس، شانۆیەکی بچووکی منداڵانی بە ناوی "شانۆکەمان"دامەزراند، ئەمە یەکەم دەستپێشخەری بوو لەسەر ئاستی هەموو ئەوروپا، پرۆژەی "شانۆکەمان" کە ئێستا لە شاری ستۆکهۆڵمدا بە ناوبانگ و کارایە، بە ئاکامی هەوڵی بەردەوامی ئێلسا ئۆلینیوس دادەنرێ، کە سەرەتای هەوڵەکانی بۆ ساڵانی سییەکانی سەدەی ڕابووردوو دەگەڕێتەوە.

مارگریتا سۆرێنسۆن Margareta Sörenson توێژەری بواری شانۆ، ساڵانی پەنجاکانی مێژووی شانۆی منداڵ، بە سەرەتای مۆدێرنیزم لە مێژووی شانۆی سوێد دەزانێ. مۆدێرنیزم لە کولتووری منداڵان لە سوێد لە دەوروبەری ساڵی ١٩٥٠ دەستی پێکرد، ئەو نووسەرەی کە کولتووری منداڵانی زیندوو کردەوە، (لێنارت هێلسینگ)بوو، کە سەرەتاکەی لە نووسینی بەیتێکی سادەوە بۆ منداڵان دەستی پێکرد. هێلسینگ سەرەتا وەک شاعیرێک بۆ گەورەکان دەرکەوت، بەڵام وردە وردە دەستی بە نووسین بۆ منداڵان کرد. ساڵی ١٩٥٣ کۆمەڵە شیعرێکی منداڵانی لە شانۆی یۆتۆبۆری نمایش کرا، ساڵێکی نەخایاند بەیتە شیعرییەکانی لە شانۆی شاهانە (دراماتن)، پاشان لە شانۆی (ماریۆنێت)دا نمایش کران. دەقەکانی خۆشەویستی ژیان و هەستی گەشبینی بە منداڵان دەبەخشی، بۆیە منداڵانیش چێژێکی زۆریان لە نووسینەکانی هێلسینگ دەبینی.

لە ساڵی ١٩٥٥ چالاکییەکانی بواری شانۆی منداڵان لە سنووری شارەوانی ستۆکهۆڵم فراوانتر بوو، بۆیە دامەزراندنی ژمارەیەک شانۆی بچووک لە زۆربەی ناوچەکانی ستۆکهۆڵم و دەوروبەریدا، لە ژێر هەمان ناونیشانی (شانۆکەمان)دا بوو بە ئەرکێکی پێویست.

دوابەدوای پەرەسەندنی پرۆسەی پەروەردەیی لە سوێد و وڵاتانی باکووردا، پلان و پرۆژەی پەرەپێدانی شانۆی قوتابخانەکان پتر برەوی پەیدا کرد. پێداویستییەکانی منداڵان لە پەروەردە و فێرکردندا، لە سەرووی هەموویانەوە، بایەخدان بە هونەر و داهێنان، ڕۆژ لە دوای ڕۆژ گرنگییەکی زیاتریان پێ دەدرا. پەروەردەی سوێد لەم قۆناغەدا پشتی بە ستراتیجێک دەبەست: منداڵان

دەبێ خۆیان شانۆی خۆیان نمایش بکەن، واتە منداڵان پێویستە بەبێ بەشداریی گەورەساڵان، خۆیان هەموو ڕۆڵەکان بگێڕن.

دواجار بە تێپەڕبوونی کات، پرۆژەی شانۆی "شانۆکەمان" سەرکەوتنی پەروەردەیی بەرچاوی بەدەست هێنا، ئێستا ژمارەی شانۆکانی «شانۆکەمان» گەیشتووەتە چواردە شانۆ، کە بەسەر زۆربەی ناوچەکانی ستۆکهۆڵم و دەوروبەریدا بڵاوبوونەتەوە. چالاکی و بۆنە شانۆییەکانیان بە هاوکاری و هاوئاهەنگی لەگەڵ بەڕێوەبەرایەتیی قوتابخانەکان، بە سەرپەرشتیی پەروەردەکارانی پسپۆڕی شانۆی منداڵان ڕێک دەخرێن. سەبارەت بە ئامادەبوونی منداڵان و بەشداریکردن لە نمایش و بۆنە شانۆییەکاندا، ئامارەکان پێمان دەڵێن ساڵانە هەشت هەزار منداڵی قوتابخانە بەشداری لە نمایشە جیاوازەکاندا دەکەن.

لە شەستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە، گفتوگۆ دەربارەی بایەخ و ڕۆڵی سیاسەتی کولتووری لە سویددا بەرەو ئاراستەیەکی ڕادیکاڵتر و قووڵتر گۆڕا. ژیانی کولتووری بە شێوەیەکی بەرچاو کەوتە ژێر کاریگەرێتیی بیرۆکەی چەپ و ڕەوتی سۆسیالیستی. شانۆی قوتابخانە و ڕۆڵی پەروەردەیی شانۆی منداڵ پێگەیەکی گرنگی لە باسکردنی سیاسەتی ڕۆشنبیریی نوێدا داگیرکرد، کە لە سایەی گەشەکردن و بووژاندنەوەی ژیانی ئابووریدا پەرەی سەند، بە ئەندازەیەک کە زۆربەی لایەنەکانی ژیانی لەخۆ گرت. سوید لەم دەورانەدا، بە بەراورد لەگەڵ سەردەمەکانی پێشووتر، خۆشگوزەرانی ئابووری زیاتری بەخۆوە بینی. حکوومەت دەستی بە پلاندانان بۆ وەبەرهێنان لە بوارەکانی ڕۆشنبیری و هونەردا کرد. سیاسەتی نوێی کولتووری کەشوهەوایەکی لەباری بۆ لە دایکبوونی کۆمەڵێک گرووپی شانۆی سەربەخۆ، یان ئەوەی کە بە سویدی پێی دەڵێن "شانۆی ئازاد Fria teatergrupper" دروست کرد. پیشەگەرە جدییەکانی شانۆ، کە باوەڕیان بە ڕۆڵی شانۆ لە گۆڕینی کۆمەڵگەدا هەبوو، بە دامەزراندنی گرووپی نوێ، لە دەرەوەی بازنەی شانۆ دامەزراوەییەکان (شانۆکانی دەوڵەت) بەشداری کارایان لەم گەشەسەندنەدا کرد. سیاسەتی ڕۆشنبیری نوێ جەختی لە ڕۆڵی گرووپە شانۆییە سەربەخۆکان (تیپە شانۆییەکان) لە چالاکیی شانۆدا کردەوە، ئەمەش بووە هۆی زیادبوونی بەرچاوی ژمارەی تیپە شانۆییە بەرهەمدارەکان.

بەمەبەستی ڕێکخستنی میکانیزمی کاری گرووپە سەربەخۆکان و دابینکردنی بودجەیان، ناوەندێکی شانۆ دامەزرا، بۆ ئەوەی بەرپرسیارێتی ڕێکخستنی کاروباری ئەو گرووپانە لە ئەستۆ بگرێت. لە ساڵی ١٩٦٩ سەنتەری شانۆ بۆ تیپە شانۆییە ئازادەکان دامەزرا. ئەم ناوەندە خەمی شانۆ سەربەخۆکانی لە ڕێکخستنی کاروبارەکانیاندا، لە ڕووی کارگێڕی و دارایی و سەندیکاکانەوە گرتە ئەستۆ.

شانۆی منداڵانیش لە ژێر کاریگەرێتی هەموو ئەو گۆڕانکارییانەدا بوو، کە لە کۆمەڵگەی سویددا دەگوزەرا. بۆ نموونە (شانۆی گیرفان Fickteater) دیدگەی سۆسیالیستی گرتەبەر و یەکێک بوو لە شانۆ هەرە گرنگ و ناسراوەکانی ئەو سەردەمەی شانۆی منداڵان. نمایشەکانی خۆی لە قوتابخانەکاندا، بەبێ بەرانبەر، پێشکەش بە منداڵان دەکرد. نمایشەکان لە شوێنێکی کراوەدا پێشکەش دەکران کە کەمترین دیکۆر و کەرەستە و ئامێرەکانی ئێکسسواریان تێدابوو. ئامانجی تیپەکە جەختکردنەوە بوو لەسەر گرنگیی دروستکردنی پێوەندی کاریگەر لەگەڵ بینەراندا. میتۆدی هونەریی شانۆی گیرفان پشتی

بـه ئیمپرۆڤیزەکردنـی ( ئیرتیجـال)ی ڕاسـتەوخۆ و بنیادنانـی گفتوگۆیەکـی زینـدوو و کـراوە لەگـەڵ بینەرانـدا دەبەسـت.

گۆڕانکارییـە ڕیشـەییەکان لـە زۆربـەی کەرتەکانـی ژیانـی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی ئـەم سـەردەمە، لـە شـانۆکارانی ئـەو سـەردەمە ئـەوەی دەخواسـت کـە درامانووسـانی سـوێد بایـەخ بـە نووسـینی دەقی نوێ بـدەن، دەقێـک کـە لەگـەڵ ئامانـج و خواسـتەکانی شـانۆی قوتابخانـە و بینـەری نوێـدا بگونجـێ. دەقـە کۆنـەکان چیتـر لەگـەڵ سـەلیقەی بینەرێکـدا نەدەگونجا، کـە لەگـەڵ سیاسـەتی نوێـی کولتووریـی سـەردەمەکەدا ناکـۆک بـوو، ئەمـەش بـووە هـۆی ئـەوەی ژمارەیـەک نووسـەری چـەپ و ڕادیـکاڵ، شانۆنامەی نـوێ بـۆ منـداڵان بنووسـن، لەوانە سیڤ ڤیدەربێـرگ، یـۆران پاڵمـێ، سـڤێن ڤێرنسـترۆم و ئانیتـا بلێـگل. ڕەنگـە تایبەتمەندێتیـی هاوبـەش لـە دەقەکانـی ئـەم نووسـەرانەدا، بەکارهێنانـی شـێوازی ئیمپـرۆ (ئیرتیجـال) و ئـەو تەکنیکـە شـانۆییانە بـێ، کـە بینـەر بەشـدار دەکا و ڕۆڵـی ئـەوان لـە پرۆسـەی نمایشـکردندا چـالاک دەکات.

ئەو تەوەرانەی شانۆنامەنووسـەکان لە شـانۆنامەکانیاندا باسـیان لێـوە دەکـرد، لـە دەوری کێشـە و تەنگژەکانـی ڕۆژانـە، لەسـەر هـەردوو ئاسـتی کۆمەڵایەتـی و سیاسـی دەسـووڕانەوە: پیسـبوونی ژینگـە، سـتەم و نادادپـەروەری کۆمەڵایەتـی، کۆلۆنیالیـزم، لـە سـەرووی هەمـوو ئەمانـەوە هەڵوێسـتی ڕەخنەگرانـە بەرانبـەر بـە پرۆسـەی وانەوتنـەوە و میکانیزمەکانـی بەڕێوەبردنـی قوتابخانـە و ڕۆڵـی پـەروەردە لـە پێگەیاندنـی منداڵـدا، لە نمایشـەکاندا بابەتێکی زۆر گـەرم و هەنووکەیی بوو.

سـڤێن فێرنسترۆم Sven Wernström شانۆنامەیەکی بـە نـاوی شانۆگەرییەک دەربـارەی خوێنـدن نووسـی، دوای نمایشـەکە، گفتوگۆیـەک سـەبارەت بـە خوێنـدن و بارودۆخـی قوتابخانـە سـاز کـرا. لەگـەڵ ئـەوەی بابەتەکـە بـۆ ڕۆژی خـۆی گەلـێ گرنـگ بـوو، بـەڵام لەلایـەن مامۆسـتایانەوە پێشـوازییەکی باشـی لـێ نەکرا، ئـەوان پێیـان وابـوو ئـەو ڕەخنانـەی ئاراسـتەی میکانیزمـی بەڕێوەبردنـی قوتابخانـەکان کـران، لـە ڕادەبـەدەر تونـد و نـاڕەوا بـوون. شـانۆنامەکان ڕەخنەیـان لـە پلەبەنـدی تاکڕەوانـەی قوتابخانـە دەگرت، هەروەها بەڕێوەبـەری گشتیی قوتابخانەکـە، جۆنـاس ئۆرینـگ، بەشداری لـە گفتوگۆکـەدا کـرد و پێـی وابـوو پەیامـی نمایشـەکە ڕەخنەیەکـی توندە لـە سیسـتمی قوتابخانـە، ئەمـە تەنیـا نموونەیەکـە لـە ڕۆڵـی شـانۆی منـداڵان لـە وڵاتـی سـوێدی ئـەو سـەردەمەدا.

شـانۆی گیرفـان دوو شـانۆنامەی سـەبارەت بـە کۆلۆنیالیـزم و چەوسـاندنەوەی گـەلان و وڵاتانـی کۆلۆنیالیـزم پێشـکەش کـرد. شـانۆنامەی یەکـەم بە نـاوی ”دەربـارەی کۆلۆنیالیـزم“ لەلایـەن (ڕۆنـی ئەمبیۆرسـۆن Ronny Ambjörnsson) و (ئاگنێتـا پێلیـگل Agneta Plejel)وە بـوو، دووەمیـش بـە نـاوی ”گورگـی کرێماویـی“ی هـەردوو نووسـەر (سـیڤ ڤیدەربێـرگ Siv Widerberg) و (یـۆران پاڵـم Göran Palm). بـەم شـێوەیە شـانۆی گیرفـان بـوو بـە مۆدێلێکی پێشـەنگ لـە بـواری شـانۆنامەی بەکۆمـەڵ نووسـراو و بەهاوبـەش نووسـراو لەلایـەن دوو نووسـەرەوە. نمایشـەکانی شـانۆی گیرفـان لـە زنجیرەیەک نمایشـی شـانۆیی بەردەوامـدا بۆ منداڵان لەلایـەن بینـەران و ڕەخنەگرانـەوە پێشـوازییەکی باشـیان لـێ کـرا. ڕۆژنامـە گەورەکانـی ڕۆژانـەی وەک (داگێنـس نویهێتـەر Dagens Nyheter) کـە گەورەتریـن ڕۆژنامـەی سـوێدیی بـوو، بـە بابەتگەلـی ڕەخنەگرانـە و ڕیـکلام و هاندانـەوە ڕووماڵـی نمایشـەکانیان دەکـرد، ئەمـەش لـە سەرانسـەری سـوێددا ناوبانگێکـی گـەورەی بـۆ تیپەکـە دروسـت کـرد و لـە دەرەنجامـدا پشـتگیری

بەردەوامی لەلایەن دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکانەوە بۆ تەرخان کرا، ئەم پشتگیرییە ڕێگەی بۆ تیپەکە ئاسان کرد کە نمایشەکانی لە زۆربەی شارەکانی سویددا نمایش بکا. بەم شێوەیە شانۆی گیرفان بوو بە مۆدێلێکی جیاهەڵکەوتوو. لەسەر ئاستی هونەریش، تەکنیکەکانی شانۆی گیرفان ئیلهامیان لە شێوازی (داریۆ فۆ Dario Fo) و ئاییندەخوازەی (Futurism)ی ڕووسیا و هونەرەکانی کۆمیدیا دێل ئارتە وەردەگرت.

سەرەڕای ماوەی کورتی چالاکییەکانی شانۆی گیرفان (تەنیا چوار ساڵ)، نمایشەکانی تیپەکە کاریگەرێتییان لەسەر تیپەکانی تر بەهێز بوو و ئەزموونەکانیان بۆ تاقیکردنەوەی فۆرم و شێوازە جیاوازەکانی شانۆی مۆدێرن ڕێگاخۆشکەر و ئیلهامبەخش بوون.

گرنگترین شێواز کە شانۆی گیرفان پێیەوە پابەند بوو، بوو بە سەرچاوەی داهێنان بۆ گرووپە شانۆییەکانی دیکە، شێوازی دامەزراندنی پێوەندییەکی پتەو و گیانی بەگیانی بوو لە نێوان ئەکتەرەکان و بینەراندا، منداڵان لە کاتی تەماشاکردنی نمایشەکاندا، لە شێوەی بازنەیەک، یان نیوەبازنەیەک دادەنیشن. نمایشەکان لە ڕۆژی ڕووناک و هەر لە ژینگەی منداڵان خۆیان، واتە لەناو قوتابخانەدا پێشکەش دەکران، بۆیە ئەکتەرەکان دەبوایە خۆیان لەگەڵ پێداویستییەکانی بارودۆخ و پانتایی نمایشەکەدا بگونجێنن و بەپێی پێداویستی فەزای نمایشەکە و ئاستی منداڵەکان و تەمەنیان، گۆڕانکاری لە زمان و پێگە و دیزاینی نمایشەکاندا بەرپابکەن. لە ڕووی ناوەڕۆکیشەوە، پرسی دادپەروەری و هاوسۆزی لەگەڵ هەژاران و ستەملێکراواندا، چ لەسەر ئاستی کۆمەڵگەی سوید، چ لەسەر ئاستی جیهاندا، هەر لە سەرەتاوە، تەوەری سەرەکیی ناوەڕۆکی شانۆی منداڵانی سوید بووە.

گرنگە ئاماژە بەوەش بکەین، کە شانۆ لە سویددا، تاکە شوێن نەبوو سەرنجی منداڵانی ئەو سەردەمە بۆ لای خۆی ڕابکێشێ. دامەزراوە ڕۆشنبیرییەکان بە گشتی هانی منداڵانیان دەدا چالاکانە بەشداری کایەکانی ژیانی ڕۆشنبیری و هونەر و داهێنان بکەن. لای خۆیەوە مۆزەی هونەری مۆدێرن لە ستۆکهۆڵم کۆمەڵێک وۆرک شۆپی ڕێک خست، کە لە شەستەکانی سەدەی ڕابوردووەوە دەستی پێکرد و چەند ساڵێکی خایاند. مەبەست لەم وۆرکشۆپانە، ئاشناکردنی منداڵ بوو بە بەرهەمە هونەرییەکانی ناو مۆزەکە. ئەم هەنگاوە بۆ خوێندکارانی قوتابخانەکان هاندەرێکی گرنگ بوو بۆ بەدەستهێنانی زانیاری هونەری لە تەمەنێکی بچووکدا.

بە گشتی شانۆی منداڵ لە ساڵانی شەستەکانی زۆربەی شارەکانی سوێددا مۆرکی ڕەخنەی کۆمەڵایەتی بە سەردا زاڵ بوو. هەر لەم سەردەمەشدا حەز و ئارەزووی بینەران بۆ نمایشی منداڵان بەردەوام لە هەڵکشاندا بوو، ئەمەش بووە هۆی پەرەسەندنی چالاکییەکانی شانۆی منداڵان، بەجۆرێک دابونەریت و میکانیزمی ئاسانکاری چوون بۆ نمایشەکان چووە قۆناغێکی نوێی شێوازی ڕێکخستن و پلاندان و هاوئاهەنگی لەگەڵ قوتابخانەکاندا.

حەز و ئارەزووی نووسینی دەقی نوێ لە هەڵکشاندا بوو، ئەوەبوو دواتر نووسەران چەندان شانۆنامەیان بۆ منداڵان بەرهەم هێنا. ناوەڕۆکی شانۆنامەکان تەنیا پێوەندییان بە دۆخی کۆمەڵایەتی کۆمەڵگەی سویدەوە نەبوو، بگرە کێشەکانی جیهان و مرۆڤایەتیش لەو شانۆنامانەدا پێگەیەکی گرنگیان داگیر کردبوو. دەکرێ دیارترین نموونەی شانۆنامەکانی ئەو سەردەمە لە سێ شانۆنامەدا چڕ بکەینەوە: شانۆنامەی (بە توندی دەستم

بگرن)، شانۆنامەی (ڕێگە بە منداڵ نەدرێت) کە باس لە چۆنیەتی دابەشکردنی سامانی زەوی دەکات و کێ زۆرترین مافی خاوەندارێتی هەیە، هەروەها شانۆنامەی (برویس) لە نووسینی نووسەر ئالان ڕون پیتەرسۆن Allan Rune Pettersson، کە ڕەخنەی لە دەسەڵاتداران دەگرت، داواشی دەکرد شێوازی بیرکردنەوەی ڕەخنەگرانە لە پەروەردەی منداڵدا جێبەجێ بکرێ.

وەک ئاماژەم پێکرد، سیمینارەکانی دوای نمایشەکان، گفتوگۆیەکی گەرمی لە نێوان تیمی شانۆکە و بینەران بەدوای خۆیدا دەهێنا. منداڵان لە کاتی گفتوگۆی نێوان ئەکتەرەکان و بینەردا، بەشدارییان دەکرد و گوێیان لە گفتوگۆکە دەگرت، سەبارەت بە کێشە جۆراوجۆرەکانی سەردەمەکە، وەک کێشەی ژینگە و جیاوازی چینایەتی لە نێوان هەژاران و دەوڵەمەندەکاندا. سەبارەت بە پەیامی شانۆنامەکە زۆر خاڵی ناکۆک و جیاواز و دژبەیەک ڕووی دەدا، بەڵام زۆربەی ڕەخنەکان ئاڕاستەی دەقە شانۆییەکان دەکران، بەهۆی ناوەڕۆکی چەپگەرایی و وتاری ڕاستەوخۆ و پەیامی سیاسییان کە لەگەڵ ئامانجەکانی شانۆی منداڵاندا ناتەبا بوون.

دایکان و باوکان و مامۆستایان لە چەندان گفتوگۆی گەرم بەشداریان دەکرد و ڕەخنەیان لە ناوەڕۆکی سیاسی شانۆنامەکان دەگرت و سروشتی فیکری ڕاستەوخۆی شانۆنامەکەیان شەرمەزار کرد.

بۆ نموونە لە شاری ڤاستەرۆس، نمایشە شانۆییەکان لەلایەن منداڵان و گەنجانەوە پێشوازییەکی باشی لێ کرا، بەڵام پەیامی سیاسیی نمایشەکان مشتومڕێکی زۆری گەرمی لێ کەوتەوە. لە شارەکانی تری سوێدیش هەمان شت چەند جارێک ئەمە ڕووی دا، کە زۆرێک لە دایک و باوکان و مامۆستایان ناڕەزایی خۆیان بەرانبەر بەو پەیامە سیاسییە دەردەبڕی کە لەم نمایشانەدا هاتووە.

بەکورتی شانۆی منداڵان لە کۆتایی شەستەکاندا چەکێکی سیاسی گرنگ بووە و زۆرێک لە کتێبەکانی شانۆی منداڵان جەخت لەسەر ئامانجی سیاسی پشت نمایشەکانی ئەو قۆناغە دەکەنەوە وەک هۆکارێکی سەرەکی لە گەشەسەندنی شانۆی منداڵاندا لە سوێد، هاوکات هۆکارێکی گرنگیش بوو بۆ تەشەنەکردنی بیری سۆسیال دیموکراتەکان.